# مێزی گفتوگۆ !

**کامیل ژیر**

وەکچۆن دو جار چوار، ئەکاتە هەشت، بەڵگەنەویستەو سەلماندنی ناوێ: ئەوەی کورد بە خوێن دەستیکەوتوە، لەسەر مێزی گفتوگۆ ئەیدۆڕێنێ، ئەمەش بۆتە بەڵگەنەویست و سەلماندنی ناوێ. کەچی خڵتەوخەوشی چەپەکان بە پاشخانی ئامانجی دوریان: (توانەوەی هەمو نەتەوەکان لەیەک بۆتەدا)و ئیسلامیە سیاسییەکان: (تێکەڵکردنی هەمو دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەناو یەک خەلافەتدا) هەر ورتەورتی مێزی گفتوگۆیانە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان!. جگە لەو دو ئاڕاستەیە، هەڵگڕاوەکانی دوای ڕاپەڕینیش لەترسی لەدەسنەدانی سامانە مۆڵەکانیان، هەمان بلوێر لێئەدەنەوەو سەربەخۆیی کوردستان لای ئەمانیش خەونی هۆنیارانە!. لەم زەلکاوەشدا ژمارەیەک فەریکە ڕۆشنبیر، بەچاولێکەری، توتی ئاسا، هەر غەڵدەغەڵدی مێزی گفتوگۆیانە!.مەبەستەکەش دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەوانە بەهەرجا، ڕۆژگار توڕیانئەدا.. ئێستا کوێرەوەرییەکە لەوەدایە، دەنکەدەنکەیەکیش لەوانەی جاروبار لەدەرگای سەربەخۆیی ئەدەن، یا وا خۆیان ئەنوێنن، بەتەمان لەسەر مێزی گفتوگۆ، پارچەکانی کوردستان لەژێر چنگی عەرەب و تورک و فارس دەربێنن! ئەمەیە: یەکساڵە ئەیەوێ دوساڵە بخەڵەتێنێ!.ئەمە لەکاتێکدایە،کە ئەردۆگان هەمان خەڕەکی: (یەک نەتەوە، یەک ئاڵا، یەک خاک، یەک زمان) لێئەداتەوە. عەبادی دان بۆ یەکێتی و گۆڕان ڕۆ ئەکا بەمەبەستی بەپوازکردنیان!. ئێران هەڕەشەی خاپورکردنی کوردستان ئەکا! ئەسەد خۆی هەڵگرتوە بۆ دوای سەرکەوتنی لەو شەڕەی سوریەدا.. بۆیە روی دەمم ئەکەمە ئەویندارانی مێزی گفتوگۆو ئەڵێم: وەک لەمەوپێشیش چەنجار وتومە، سەربەخۆییمان تەنیاوتەنیا لە لولەی چەکدایە. ئەو چەکەش نابێ بێدەنگبێ تا ئامانجەکە ئەپێکێ، بەڵێ بە دڵنیاییەوە هەر ئەیپێکێ و پێکاویتی، بۆنمونە:شۆڕشی ڤێتنام 1956-1975 کە 2ملیۆن کوژراوو 3ملیۆن بریندارى بەخشی بەرامبەر 57هەزار کوژراوو 150هەزار بریندارى ئەمریکی و ئەنجام ئەمریکا لە17/یۆنیۆی/1975دا ملی کەچکرد.. شۆڕشی یەک ملیۆن شەهیدی جەزائیر 1954-1962 بەرامبەر زەبەلاحێکی وەک فەرەنسا کە لە 1830یەوە جەزائیری داگیرکردبو و دەیان نمونەیتر. کەواتە کە دەسدرایە چەک بۆ سەربەخۆیی، ئەبێ دانانەوەی نەبێ، بەوەش:

1-شۆڕشە چەکدارییەکە تابێ زیاتر پەرەئەسەنێ و فیداکارانی لێکۆئەبێتەوەو هەر شەهیدێک دەیان و سەدان جەنگاوەری لێئەکەوێتەوە.

2-داگیرکەر تابێ لەڕوی سەربازی و دەرونی و ئابورییەوە، لاوازئەبێ و دیاردەی بێزاری لای خەڵکەکەی دروستئەبێ، بەتایبەتیی دوای ئەوەی لاشەی کوژراوەکانیان بۆئەچێتەوە.

3- شۆڕشەکە پشتگیریی دەرەکیی زیاترئەبێ کەزانرا ئامانج سەربەخۆییە، بەپێچەوانەی نیمچە مافەکانەوە کە پرسە نەتەوەییەکە ئەکا بە کێشەی ناوخۆو پشتگیریی دەرەکیی، یا نابێ، یا بۆ ماوەیەکی کاتی و مەبەستێکی تایبەتی، پشتگیرییەکی لاوازو لەناکاو دەسبەردان لێی وەک ئەوەی شۆڕشی ئەیلول.

راستە بەرێگەیتریش دەوڵەت دروستبوە، وەک عیراق بۆبەرژەوەندیی ئنگلیز، جیابونەوەی چیک و سلۆڤاکیا بەرێکەوتن .. هتد بەڵام ئەو هەلانە بۆکورد رێنەکەوتون.

هەر سەبارەت چەک،کاتی خۆی بەرپەرچی وتارێکی 2009/12/13ی رۆژنامەی بەرێزی کوردستانی نوێم دایەوە.ئەویش بەسوپاسەوە، بڵاویکردەوە. جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێکی دوبارە بکەمەوە:

وتارەکە خەباتی چەکداریی کورد دەداتە بەر تانەو تەشەر لەم رستانەدا:

1- نەتەوە داگیرکراوەکان بەکەڵک وەرگرتن لەمیتۆدی چەکداری، جگەلەوەی دۆخەکە ئاڵۆزتردەکەن، ناتوانن بەدەرئەنجامە بەتایبەت دیموکراتییەکانیان بگەن.

2-خەباتی چەکداری بکوژی سەرەکی مەشروعیەتە.

3-کێشەی کورد لەهیچ کام لەپارچەکانی کوردستان بەچەک چارەسەرنەبووە نابێت.

4-دامەزراندنی پەکەکە لەسەر بنەمای ئەقلیەتی چەکداری هەڵەیەکی گەورەیە.

5-پەکەکە بەتەواوی واز لەخەباتی چەکداری بێنێت و بێتەوە ناوشار.

6-هەموو جەنگێک ئەگەر بەجەنگ وەڵامبدرێتەوە جەنگێکی گەورەتر بەرهەمدێت

**لەوەڵامدا:** ئەم پەندو ئامۆژگارییانە، ئەگەر بۆ وڵاتێکی وەک سویسرا بوایە، دەمانوت رەنگە راستگۆیەتیەکیان تێدابێت، بەڵام بۆ هەرکام لەو وڵاتانەی پارچەیەکی کوردستانیان بندەست کردوە، جگە لەگەیاندنی زیان بەدۆزی کورد، بەمەبەست یا بێ مەبەست، چیتر نین، ئەوانە واتای خۆبەدەستەوەدان دەگەیەنن، کورد لەهیچ رۆژ و بارێکدا لەخۆشی چەک پەنای نەبردۆتە بەرچەک، بەڵکو نەتەوە سەردەستەکان ناچاریانکردوە چەکی بەرگری هەڵگرێت لەپێناوی بون و مانەوەیدا، ئەو داگیرکەرانە وەڵامی کەمترین داوای رەوای کوردیان بەکوشندەترین چەک داوەتەوە، هەندێ جار بەبێ هیچ داواکارییەک و بەبێ هیچ بەگژداچونێکیش! میرنشینییە کوردییەکان هەڵیاننەکوتابوە سەر تورک و فارس، پەرزگەکانی زەردەشتیان بەچەکەوە پەلاماری دەوڵەتی ئەمەوییان نەدابو، کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەخودموختاری زیاتری بۆخۆی دیارینەکردبو، قازی محەمەد بەپەیامی ئاشتییەوە چوە دەرباری شا، سەدو هەشتا هەزار خەڵکی گەرمیان لەهەمو جۆرە چەکێک داماڵراوبون، خەڵکی هەڵەبجە ساروخی زەمین- ئاسمانیان دانەبەستبو. ئەوانە هەمویان بە چ چارەنووسێک گەیشتن؟!

سەرزەنشتکردنی دەتەپە بەوەی ئامانجە سیاسییەکانی، دژایەتی لەگەڵ بنەما نەتەوەیی و سیاسییەکانی حکومەتی تورکیادا هەیە، قسەیەکی سەیروسەمەرەیە! ئەی ئەگەر ئەو ئامانجانە وەک یەکبن، ئیتر بونی دەتەپە یان هەر پارتێکی تر زیادە نابێ؟ یا وەک پارتە کارتۆنییەکانی سەردەمی بەعس نابێت؟ داخستنی دەتەپە لەبەرئەوەنییە کەخۆی بەباڵی سیاسی پەکەکە دەزانێ کە ئەوەش هەر قسەی دەسەڵاتی تورک و بەکرێگیراوەکانیەتی، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەتەپە جەماوەرێکی کوردی زۆری لێکۆبوەوەو بوبو بەخاوەنی 21 کورسی پەرلەمان و 98 شارەوانی، هەروەها بۆئەوەیە کە هیچ بەرامبەر (موخاتەب)ێک نەمێنێ تا چەندوچون لەسەر

بەناو(کرانەوەکانی) دەسەڵاتدا بکات، ئەمە یەکەم پارتی کوردیی بێ چەکیش نییە کەدەسەڵاتی تورک دایدەخات، پێشتر هەر پارتێکی سەر بەکورد تۆزێ گۆشتی گرتبێت تورکیا دایخستوە.(( ئێستا تورکیا هەمان گێچەڵ بە هەدەپە ئەکا!))

ئامانجی نەتەوە داگیرکراوەکان، گەیشتن بەدیموکراتی نییە وەک لەو نوسینەدا هاتوە، ئامانج رزگارییە، رزگاریش بەسەربەخۆیی دەستەبەردەبێ، دیموکراتی لەناو نەتەوە سەردەستەکانی کوردستاندا، یان هەر بونی نابێ، یان ئەگەر بونیشی هەبو ئەوا ئەو دیموکراتییە تەنیا بۆخۆیان دەبێ، وەک ئەوەی تورکیا. هیچ هاوکێشەیەک لەنێوان دیموکراتی نەتەوەی سەردەست و رزگاریی نەتەوەی بندەستدا نییە، گومان لەوەدانییە کە چەمک و قەبارەی دیموکراتی لەتورکیادا زیاترە لە هی ئێران و عیراق و سوریا، ئەی بۆچی چەوساندنەوەی کورد، تارادەی قەدەغەکردنی زمانەکەشی، لەتورکیادا زیاترە لەو سێ دەوڵەتەیتر؟ خۆئەگەر ئەوە خەتای چەکەکانی پەکەکەبێ، بەپێی چەمکی وتارەکەی کوردستانی نوێ، ئەوا لەبیستەکانەوە تا هەشتاکانی چەرخی بیستەم، نە پەکەکەو نە هیچ پارتێکی چەکداری کوردی نەبو، ئەی بۆچی کەمترین مافی کورد بەدیموکراتییەکەی تورکیا دەستەبەرنەبو؟ ئێستا لەعیراقی لەڕو لاوازدا جۆرێک دیموکراتی هەیە، ئەی بۆچی بەنیوەی باشووری کوردستان دەوترێ ناوچەی ناکۆکی لەسەر؟ تەنانەت بەمادەی 140 رازینابن کە ئەو مادەیە قومارە بەو ناوچانەوەو گەلێکی هۆشیار قومار بەنیشتمانی خۆیەوە ناکا، مەگەر دەسەڵاتە ئەقڵانی و دیموکراتیخوازەکەی ئێمە!! راستییەکەی ئەو مادەی سەدوچلە، یان هەر جێبەجێ ناکرێ، یا رۆژێک جێبەجێ ئەکرێ کە لایەنی بەرامبەر لەهەلێکدا دو جۆکەر بێنێ و بردنەوەی قومارەکە مسۆگەربکا! ئەوسا ئیتر مەگەر هەر بڵێین: بەدەستی خۆمان چیمان بەخۆمانکرد.

خەباتی چەکداری بکوژی مەشروعیەت نییە، راستە چەک دیاردەیەکی دڕندانەی مرۆڤەو زیانی گەورە دەبەخشێ بەمرۆڤایەتی، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ خەباتی چەکداری نییە، کاتێک مافێک زەوت دەکرێت، بەمافە نەتەوەییەکانیشەوەو هەمو رێگەکانی شارستانی ئەو مافە ناگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، چەک ئەو رەوایەتییە دەپارێزێ و دەیگێڕێتەوە، بڕیاری دادگاکان، بۆنمونە، بەتەنیا رەوایەتی دابینناکا، دوای ئەو بڕیارانە، هێزی چەکداری پۆلیس ئەو بڕیارانە جێبەجێدەکا، واتا چەک رەوایەتی دەپارێزێ، نەتەوە داگیرکراوو مافخوراوەکانیش کە لەهەمو رێگە شارستانییەکان نائومێددەبن، وەک نەتەوەی کورد، ئەوسا تەنیا چەک ئەمێنێتەوە بۆ دابینکردنی مافەکانیان، واتا ئەوسا تەنیا خەباتی چەکداری پارێزەری مەشروعیەت ئەبێ، ئا لێرەوە ئەو نوسینەی کوردستانی نوێ کە خەباتی چەکداری بەنەتەوە داگیرکراوو ستەملێکراوەکەمان رەوانابینێ، دەبێتە گومڕاکردن!! دیسان هەر لەم گۆشەنیگایەوە دامەزراندنی پەکەکە لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی چەکداری، پێویستییەکی نەتەوەیی و هەنگاوێکی دروستبوە.((**ئەگەر پەکەکە ئامانجەکەی بە سەربەخۆیی ئاشکراکردایە، پشتگیرییەکی دەرەکیی زۆری ئەبو**)).

کێشەی کورد کە لەهیچ پارچەیەکی کوردستاندا بەچەک چارەسەرنەبوە، هۆکەی ناڕەوایەتی خەباتی چەکداری نەبوە، بەڵکو هۆکەی ئەوەبوە کە چەکی کورد هاوسان و هاوتا نەبوە بەرامبەر چەکی داگیرکەرانی کوردستان، هەروەها تێگەیشتنی پێچەوانە (مەفهومی موخالیف)ی ئەو قسەیە ئەوە ناگەیەنێ کە کێشەکانی کورد بەبێ چەک چارەسەردەبون، ئەی لەو هەمو ساڵانەی خەباتی بێچەکدا بۆچی کێشەکانی کورد چارەسەرنەبون؟ ئینجا خەباتی چەکداری کورد، ئەگەرچی تا ئەمرۆ هەمو کێشەکانی چارەسەرنەکردوە، بەڵام کوردی لەتواندنەوەو نەهێشتن رزگارکردوە، گەلێ سوودیشی گەیاندوە، ئەگەر بزوتنەوە چەکدارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەبونایە، بەرگ و زمانی کوردی لەوانیش قەدەغەدەکرا، شۆرشەکانی شێخ مەحمودو بەرزان و ئەیلول و نوێ نەبونایە، بەیانی یازدەی ئازارو حوکمەزاتیەکەی بەعس (بەهەمو خەوشەکانییەوە)و هەرێمی نەفرین و قەوارەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەخەویش نەدەبینران، بزوتنەوە چەکدارەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان، گیانی کردەوە بە بەری کوردی باکورداو لەیەکێتی ئەوروپای گەیاند کە لەتورکیادا نەتەوەیەکی تریش هەیەو مافی ئەخورێت و ئەویش مافی ئەو نەتەوەیەو مافی مرۆڤی کرد بە مەرج بۆ وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپاداو دوایی ئۆزاڵەکان و ئەردۆگانەکانی ناچارکرد دان بەبونی کوردا بنێن، بەگشتیش ئەگەر بزوتنەوە چەکدارەکانی کورد نەبونایە، ناوی کورد وەک ئەکەدییەکان مەگەر تەنیا لەلاپەرەکانی مێژودا ببینرایە!

**لەراستیدا، لەو رۆژەوە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی کەوتۆتە سەرپێ، هەرچەک ئامرازی هێزو دەسەڵاتبوە، چ بەرامبەر گیاندارە درندەکان، چ بەرامبەر یەکدیش، کەسیش نازانێ لەهەگبەی ئایندەدا چی دەبێ، ئەمرۆ کە ئەمریکا کەڵەگای دنیایە، لەبەرئەوەنییە ئەمریکاییەکان چاویان شین و قژیان زەردە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کاریگەرترین چەکیان هەیە، نەتەوە سەردەستەکانی کورد، بۆیە تائێستا هەر بەسەر دەستەیەتی ماونەتەوە، چونکە چەکەکانیان لەهی کورد کاریگەرترە، ئا لەم گۆشەنیگایەوەیە کە نوسەری ئەم وتارە، لەچەندین نوسین و بۆنەدا داوای خۆپرچەککردنی حکومەتی هەرێمی کردوە لەسوپایەکی یەکگرتوی پرمەشقدا، ئەم داخوازییە ئەگەر پێشتر لەتوانادا نەبوبێ، ئێستا (مەبەست 2009یە) دوای میزانیەیەکی دە ملیار دۆلاری کە شان لەشانی میزانییەکانی هەرکام لەسوریەو ئەردەن و لوبنان دەدات، ئەوەی تیادەبێ، جگەلەوە، خەو بینین بە بەڵێنەکانی ئەمریکاوە، یان گۆرانی هەڵدان بەباڵای دیموکراتی و دەستورو هاوپەیمانی و تەوافوقدا، نامانپارێزێ لەو گەردەلولەی نازانین لە چ کاتێکدا هەڵدەکا!**

**بەپێی ئەو نوسینەی کوردستانی نوێ (پەکەکە واز لەچەک بێنێ و بێتەوە شار) مەبەست لەکام شارە؟ شارەکانی سویدو نەرویج؟ یا شارەکانی تورکیا؟ رەوانتر، بۆ ژێر چەقۆکانی قەساب!**

**لەراستیدا کێشەکانی کورد لەهەمو پارچەکانی کوردستاندا، یەک کێشەیە، ئەویش کێشەی رزگاری لەژێردەستی و کۆیلایەتی، ئەرکی هەر لایەنێکی کوردییە هاوکاریی و پشتگیری لایەنە کوردییەکانیتر بکا، بەئاشکرا یا بەنهێنی، نەک سارکردنەوەو سڕکردنیان، یا تەنیا هەڵوێستی سەیرکەر وەرگرن، ئەفسەری روسی P.Awandanow لەکتێبی شەرەکانی نێوان تورکیاو ئێران و روسیا لەسەدەی نۆزدەیەمدا ئەڵێ: (لەشەڕی نێوان ئێمەو هەر تیرەیەکی کوردا، تیرەکانی دی تەماشاچیبون! تا نۆرە دەگەیشتە سەر ئەوانیش، هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە بەهانای هاوڕەگەزکانیانەوە بچن! هەتا هەندێجار لەرقی یەکدی یارمەتی ئێمەشیان دەدا!). ئێستا دوای دو سەدە، نوسەرەکەی کوردستانی نوێ، نەک هەر خۆی بەدوردەگرێ لەبەهاناچونەوە، بەڵکو رەخنەی ئەوەش لەپارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگرێ کە هاوسۆزە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان! ئەم هاوسۆزییەش بە دژیەک (پارادوکس)ی چەک و سیاسەت ئەژماردەکات لەکاتێکدا کە چەک و سیاسەت تەواوکەری یەکن نەک دژییەک.**

**ئەو قسەیە چ فەلسەفەیەکی تێدایە کە دەڵێ: (هەمو جەنگێک ئەگەر بە جەنگ وەڵامبدرێتەوە جەنگێکی گەورەتر بەرهەمدێنێت)؟ ئاخۆ دەبێ وەڵامی جەنگ بەچی بدرێتەوە؟! خۆجەنگ شەپازلە ئاڕاستەکراوەکەی روی عیسانییە کە ئەگەر بەر ئەملای کەوت، ئەولاشی بۆ ئامادەکات و بەوە ئاو بەئاگردا بکرێ، مرۆڤیش وەک شینە شاهۆ نییە بەرامبەر چەکی راوچی ملی خۆی بکا بەژێر باڵیدا، راستە ئەمریکاو لایەنەکانیتر تائێستا دەرئەنجامە نەرێتییەکانی ئەو جەنگانە دەدرونەوە کە ئەنجامیانداوە، بەڵام ئەی ئەگەر وەڵامی جەنگی ئەڵمانیان بەجەنگ نەدایەتەوە، تائێستاش لەژێر پۆستاڵی نازێتیدا نەیاندەناڵاند؟ ئەگەر جەنگی عیراق و ئەفغانیان نەکردایە چەندین یازدەی سێپتەمبەری دی دوبارە نەدەبونەوە؟**

---------------------------------------------------------

**⁕:بۆ بینینی درێژەی ئەم وەڵامە، بڕوانە: ماڵپەڕی کامیل ژیر لە سایتی بەڕێزی ئەمڕۆ.**

http://www.emrro.com/malperikamil.htm

**⁕⁕:وەبیرهێنانەوەی ئەم وەڵامەمان بەپێویست زانی وەک بەڵگەیەکی کردەیی سەلمێنەر بۆگرنگیی چەک. بڕوانن ئەگەر چەکمان نەبوایە، ئێستا چارەنوسمان بەدەس داعشەوە چیئەبو!؟ پەڕوباڵی ئەو برای نوسەرەش لەسەر چ مێزێکی گفتوگۆ ئەبو!؟**

***لەم رۆژانەدا حدکا دەستیداوەتە بزوتنەوەیەکی چەکداری لە رۆژهەلاتدا، با ئامانجەکەی ئاشکرابکا. ئەگەر بۆ سەربەخۆییە، پیرۆزەو ئەبێ تا بەئامانجگەیشتن بەردەوامبێ و خوێنی شەهیدەکانی لەسەر مێزی گفتوگۆ نەدۆڕێنێ!. ئەگەر نا، ئەوە دەستێکی دەرەکییە ئەیجولێنێ بۆ مەبەستێکی خۆی!! باشتروایە ئەو شەڕە ، بە وەکالەت، نەکاو رۆڵەی کوردی بۆبەکوشت نەدا.